السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# له منەوە بیگەنن ئەگەر ئایەتێكیش بێت، وله بەنی ئیسرائیلەوە ریوایەت بكەن وهیچی تێدا نیە، وئەوەی درۆ بكات بە ناوی منەوە ئەوا با جێگایەک بۆ خۆی دابنێت لە ناو دۆزەخدا

له عبدالله كوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- كە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «له منەوە بیگەنن ئەگەر ئایەتێكیش بێت، وله بەنی ئیسرائیلەوە ریوایەت بكەن وهیچی تێدا نیە، وئەوەی درۆ بكات بە ناوی منەوە ئەوا با جێگایەک بۆ خۆی دابنێت لە ناو دۆزەخدا».
[صەحیحە] [بوخاری گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرماندەكات بە گەیاندنی زانستی شەرعی لە قورئان وسونەت، ئەگەرچیش شتێكی كەم بێت وەكو ئایەتێک یان فەرموودەیەک، بەمەرجێک زانستی هەبێت سەبارەت بەوەی دەیگەیەنێت وبانگەوازی بۆ دەكات. پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕوونی كردەوە كە گێڕانەوە لە بەنی ئیسرائیلەوە ئاساییە لەوەی بەسەریاندا ڕوویداوە بەمەرجێک پێچەوانەی شەریعەتی ئێمە نەبێت. پاشان هۆشداری دا لە درۆكردن بەناویەوە، وهەركەسێک بەئەنقەست درۆ بكات بە ناویەوە -صلی الله علیه وسلم- ئەوا با شوێنێک بۆ خۆی دیاری بكات لە دۆزەخدا.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3686

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee